# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستا "شوکرولَلای بابان" دا

## ئامادەکردنی: ئەمجەد شاکەلی و مارف عومەر گوڵ

هاوینی 1987 لە کوردستان و لە شارە خنجیلانەکەی سنە، بە هەلم زانی، دیدەنییەکی مامۆستای بەڕێز و هێژا شوکرولَلای بابان بکەم. وا ڕێککەوت، کاک "مارف عومەر گوڵ"یش ببێتە هاوەڵی دیدەنییەکەم و دوو قۆڵی چووینە ماڵی مامۆستا و لە ڕۆژی 1987/8/2دا، ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەمان لەگەڵدا کرد. دیدارەکە لە سەر کاسێت تۆمار کرابوو و ئەمن بۆ خۆم هێنامەوە سەر کاغەز و دەقەکەیشی دەسکاری نەکراوە، تەنێ ئەوە نەبێت، هێندێ وشە، کە کوردی نەبوون، لێرەدا کردوومنەتە کوردی و زۆریشیان، لەبەر هێشتنەوەی تام و چێژی ڕستەکان، هەر وەک خۆیان ماونەوە.

ئەمجەد شاکەلی

– سەرەتا، ئەگەر باسێکی ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت، لە منداڵییەوە تا ئەمڕۆ؟

بابان: من.هەر لە سنە لەدایک بووم. خولی منداڵی و جەوانیم لێرە گوزەراندووە، تا دیپلۆمم وەرگرتووە. بە شوێنیا بۆ خوێندنی دەورەی بەرز، ڕۆیشتوومەتە تاران، لەوێ لیسانسم وەرگرتووە، لە ڕشتەی ئیلاهییات..ڕەوانناسی و دادوەری یا (قەزا، قەزاوەت). ماوەیەک لە وەزارەتی نێوخۆدا، بۆ شارەوانی دامەزراوم و بووم بە کاربەدەس لەوێ. لەوێوە لە ساڵی 1337وە هاتمە ڕادیۆ، کە لە ساڵی 1351دا، لەگەڵ تەلەڤزیۆندا ئیدغام بوون، بووین بە لێپرسراوی بەرنامەکانی کوردیی ئێران. هەڵبەت بە شوێنیا، لە کرماشان، لە سنە، لە ڕەزائییە، بە ناوی بەڕێوەبەری گشتی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی، ئەم سێ ئوستانە ئیشم کردووە. بە داخەوە ئەو جۆرە وا بشێ، خۆم ڕازی نیم لە خزمەتکردن بە گەل و بەرەکەماندا، با وەکوو ماوەی 30-35 ساڵیش بە ڕاستی خۆم تەرخان کردووە بۆ وێژە و مێژوو و زمان و ئەدەبییاتی کورد.

– ئەو کتێبانەی، تا ئێستا وەبەرهەمت هێناون و چاپت کردوون، یا بە دەستتەوەن بۆ چاپ، چین؟ و چ کارێکی ئەدەبیت زیاد کردووە، یانی لە چ کارێکی ئەدەبیدا زێتر کارت کردووە؟

بابان: لە ساڵی1337 ی ئێرانیدا.یەکێک لە تێزەکانی دەورەی لیسانسم، بە ناوی سەلاحوددینی ئەیووبی قارەمانی نەمری کورد، بە چەشنی کتێبێک لە چاپ درا و بڵاوبووەوە. بە شوێنیا لە ساڵی 1358دا، نامیلکەیەک یا کتێبچەیەکی بچووکم بە ناوی کورد و کوردستانەوە نووسی، کە هەر لە سەرەتاوە بە کورتی باسی هاتنی کورد و دامەزرانیان و برێ لە هەستانەوەکان و ئەمانەی تێدا بوو. ئەڵبەت ئێستا ئەو دوو کتێبە نایاب بووە. لە ساڵی 1361دا، فەرهەنگێکی فارسی-کوردیم نووسی و ئەویش چاپ کرا. بە شوێنیا مێژوویەکی تێکڕای کورد و کوردستانم

نووسیوه، هەر لە 500 ساڵ بەر لە پەیابوونی مەسیحەوە، تا دوای زنجیرەی پەهلەوی و سەرەتای شۆڕشی ئێران. ئەوە هێشتا چاپ نەبووە. بە شوێنیا گوڵزاری کوردستانم نووسیوە، کە برێ لە هۆنەرانی کۆن و ئێستا و برێ لە هونراوەکانی خۆمی تێدایە. ئێستەش فەرهەنگێکی کوردی–فارسیم بە دەستەوەیە، کە بۆ بەرگی یەکەمی گەیشتوومەتە نیوە، (ب)ی دوایی هاتووە. زووتر برێ لە نووسراوەکانم، لە بارەی کورد و کوردستانەوە بووە. پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئێران و وڵاتانی تردا، تێکۆشینەکانی کورد، لە سەرانسەری ژیان و بەر لە مێژوودا. برێک شانۆگەری و چیرۆکی شانۆگەری و تابلووموزیکال و ئەمانەشم نووسیوە، بەڵام بە داخەوە ئێستا هەل لەبار نییە و هەمووی هەروا دانراوە و لە چاپ نەدراوە، بێجگە لەو دوو سێ کتێبە نەبێت.

– بێگومان ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆی کوردیدا کارتان کردووە، کاری ڕادیۆ، یا ڕۆڵی ڕادیۆ و کاریگەریی ڕادیۆ، لە سەر کورد و لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی کوردیدا و گەشەپێدانی ئەدەبی کوردی و چوونە ناو خەڵک و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکدا، چۆن دەبینن و ڕاتان سەبارەت بەوە چییە؟

بابان: ئەڵبەتە ڕاگەیاندن بە هەر چەشنێک بێت، زۆر شوێنی هەیە و شوێن ئەکا. ڕادیۆ یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە لە هەموو هۆکارەکانی تر، زۆر شوێن ئەکا، لە ناو خەڵکا. لە ماوەی ئەو 30 ساڵەی، کە من لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بووم، بۆ ئەم مەنهەج و مەبەستە تێکۆشاوم و زۆر باش بووە و لام وایە، زۆرتر ڕووکردنی خەڵک بۆ ناسینی خۆیان، بۆ ناسینی زمانیان و ڕەگەزیان، ڕادیۆ زۆر شوێنی کردووە و ئەوانیش باشی تێگەیشتوون. زۆرتری ئەم ئاگادارییانە بە هۆی نووسینی کتێب و دیوانی هۆنەرەکان بووە و بە شوێنیا ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن. ئەڵبەت گۆڤار، ڕۆژنامچە، ئەمانەش زۆر کاریگەر بوون و شوێنیان کردووە. ئێمە چەند کەسێک چوار ساڵ لە تاران ڕۆژنامەی کوردستانمان دەر ئەکرد..باش بوو..ئەویش خزمەتێکی باشی بە گەلەکەمان کرد، بەڵام بە داخەوە ئەو ئازادی و کراوەییەی وا لەولا هەبوو لێرە نەبوو و ئەو خزمەتەی، کە لە کوردستانی ئێراقدا بە زمان و ئەدەب و وێژە و وێژەوانیی کوردستان کراوە، زۆر بەرزتر و بەربڵاوتر و باشتر بووە. هیوادارم هەلومەرج وا لەبار بێ، کە بۆ لەمەودواش هەموو کەسەکانمان..هەموو ئەوانەی وا ئەتوانن، لە ڕێگای گەل و بەرەکانماندا هەنگاو هەڵگرن..تێکۆشن و سەرکەوتوو بن.

– ئێوە کە ماوەی 30 ساڵێک لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا کارتان کردووە، دیارە لە نزیکەوە کەسانێکی زۆر لە هونەرمەندان و نووسەران و شاعیرانی کورد ئەناسن یا کارتان لەگەڵدا کردوون یا یادگارییەکتان لەگەڵیاندا هەیە. لەو ناوانەی کەوا دیار بوون، لە بواری هونەر و ئەدەبدا، سوارەی ئێلخانیزادە، کە ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆ کاری کردووە، ڕەنگە ئێوە لە نزیکەوە ناسیبێتتان یا یادگارییەکی تایبەتیتان لە بارەیەوە هەبێت، پێمان خۆشە ئەگەر بۆمان باس بکەیت؟

بابان: لە ڕاستیدا من لەگەڵ مامۆستا سوارەدا، زۆر نزیک بووم. ئەویش سەبارەت بە من زۆر ڕووخۆش و بەخشندە بوو. لە ڕاستیدا سوارە یەکێک بوو، لە ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمانی وێژەی کورد، کە بە داخەوە زوو لەدەست چوو و بەو جۆرەی وا بشێ نەکرا، کە لەو هەموو زانست و کوردیزانی و هۆنراوە و نووسراوەی ئەو کەڵک وەربگرین. ئەڵبەت بۆ کۆچیدوایی سوارە، ئەمن بۆ خۆم پارچە هەڵبەستێکم دانا، بە ناوی "سوارە ڕۆ". کاتێک کە ڕۆییم بۆ بۆکان بۆ پرسەکەی، هەر ئەو شەوە لە بەیانی، کە ئەمەویست برۆم دانیشتم ئەو سوارە ڕۆمە بۆی وت. بە شوێنیا ڕۆییمە ئەوێنە و لە سەر گڵکۆکەی، ئەوەم خوێندەوە و شەو لە ماڵی قاسماغای مامی مامەوە. ئەڵبەت کەسانی ترمان

بووە، کە لە ڕێگای وێژە و وێژەوانی و ئەدەب و نووسینی کوردیا، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، زەحمەتیان کێشاوە، بەڵام سوارە وەکوو فارسان دەڵێن "تافتەیەکی جودا یافتە بوو"، بە لای منەوە زۆر بەڕێزە، بەڕێز بوو و بە جۆری، کە هەمیشە گوتوومە. بێجگە لە خەوەبەردینە و باقی هۆنراوەکەی هەڵۆ، یا ئەو تاقمە شیعرەکەی دوایی، بە سەد دیوان لە دیوانانی شاعیران دەژی.

بۆ هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزەمژی     چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی

یادگاری باشیشی بە لامەوە هەیە. چەند ڕۆژێ بەر لەوەی کۆچیدوایی بکا، من پەیامم نارد بۆ لای مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی، کە بیستوومە سوارە هەڵۆی بە فارسییش گوتووە. هەڵۆی فارسیم بۆ بنووسێ و بۆم بنێرێ. مامۆستا ڕۆژبەیانی، ئەڕوا بۆ هەواڵی لە نەخۆشخانە و پێی ئەڵێ. سوارەش نامەیەکی بۆ نووسیم، لە سەرەتاوە سڵاو و هەواڵپرسی و گوتوویە داوای هەڵۆی فارسیت لێ کردووم، کاک بابان چۆن ئەکرێ هەڵۆی فارسی؟ یانی چۆن لە ناو فارسدا هەڵۆ هەڵئەکەوێ!. من هەڵۆم بە فارسی نییە، ئەوەش کوردییەکەی بەسەر چاو. ئەڵبەت بەر لە نیوەڕۆ، دەسی پێکردووە و نووسیویەتەوە و بڕێکی نووسیوە و گەیشتووەتە نیوە، داینابوو، کە دوای نیوەڕۆ پاشماوەکەی بنووسێ، دوای نیوەڕۆ فەوتی کردووە. کە ئەو نیوەیانە بۆ هێناوم، منیش بە ناو بیرەوەرییەکی زۆر بایبدار دامناوە.

- لە بارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە، کە سەردەمێک لێرە دەرچووە و ئێوەش کارتان تێدا کردووە، حەز دەکەم تۆزێک بە درێژتر باسی بکەیت. کەی و تا کەی دەرچووە و چ جۆرە ڕۆژنامەیەک بووە و کێ کاری تێدا کردووە؟

<u>بابان:</u> ئەو ڕۆژنامەیە لە ساڵی 1338ەوە تا ساڵی 1342 دەرئەچوو، یانی ماوەی چوار ساڵ. مامۆستا سدیق موفتیزادە، کە ئەویش یەکێک لە دانایانی پایەبەرزمان بووە و بەداخەوە ئەویش لەدەس دەرچوو و کۆچیدوایی کردووە. دوکتۆر عەبدولڕەحمانی سیراجولدینی، شێخ عابید و ئەڵبەت بە سەرۆکایەتی مامۆستای پایەبەرز بەدیعولزەمانی، کە یەکێک لە زانایانی زۆر پایەبەرز و بەناوبانگی ڕۆژهەڵات بوو، نە تەنێ بڵێم ئێران و کوردستان. ماوەی چوار ساڵ ئەو ڕۆژنامەمانە بە زمانی کوردی، لاپەڕەیەکی بە کوردی شیمال، کە ئاغای خوسرەوی شێخ کانلۆ لەوێ ئیشی دەکرد...لە تاران دەرئەچوو و دەرمان ئەکرد و پێکەوە کارمان تێدا دەکرد. پاشان لە باری ئابوورییەوە (ماددییەوە)، کە بڵێین(ئەنگوژەنی)وە بۆمان هەڵنەسووڕا و هەروەها، بە هۆی چۆنیەتی کاروباری ئێرانەوە. زۆرتری ئەدەبی بوو، ئەڵبەت مەبەستی سیاسیشی تێدا بوو. ئەمن بۆ خۆم لەوێ پەیوەندی کورد و ناسیۆنالیزمی ئێرانم ئەنووسی. نزیکەی ماوەی سێ ساڵ سێ ساڵ و نیو ئەو مەبەستانەم لەم بارەوە نووسیوە.

- بێگومان ماوەیەکی زۆرە، ئێوە لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا خەریکن و شارەزاییەکی باشیشتان لە شیعری کوردیدا هەیە. ئەگەر گۆران بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دابنرێت، کە هەروایشە، ئێوە شیعری کوردی پێش گۆران و پاش گۆران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ و شیعری کوردی ئەمڕۆ چۆن دەبینن؟

<u>بابان:</u> گۆران، مەقتەعە، مەقتەع...بێگومان هەموو شتێک وا لە حاڵی تەحەڕوک و پێشڕەوتا. ئەڵبەتە بۆ شیعر و وێژەش هەروایە. مامۆستا گۆران، جگە لەوەی یەکێک لە بناغەدانەرانی شیعری نوێ بووە و باشیشی داناوە، نەک وەکو نیمایۆشیجی فارس، کە گۆنی گۆنی شیعری تازەی داناوە و لەهەر گۆنییەکی لاپەڕەیەکی بەدەرد ئەخوا. لە ڕاستیدا مامۆستا گۆران، یەکێ لە هۆنەرە پایەبەرزە زۆر بەڕێزەکانی ئێمەیە و ناتوانین تەنانەت بە ناوی مەقتەع داینێین، ئەبێ بڵێین سەرەتا، بناغەدانەر، پەرەپێدەر و خالیقی شیعری نوێ. ئەڵبەت ئێستاش زۆر لە هۆنەرەکانمان

کەوتوونەتە شوێنی و سەر ئەو سەبک و ڕەوێشە. باوەکوو تا ئێستاش کەس بەوی نەگەیاندووە، بەڵام لە داهاتوودا ئیحتیمالی هەیە هۆنەرانی باشمان تێدا پەیدا ببێت، لە بارەی شیعری نوێوە، ئەمەش نابێتە ئەوەی هەروا، کە ئەڵێین (ئیسباتی شەیئ نەفی ماعەدا ناکا). ئەوانی ترمان ئەوە نییە تەقتیعە بکەین، بڵێین لە ناوی هۆنەرانی ڕابوردووشا هۆنەرانی پایەبەرزی باشی زۆرمان هەیە، چی ئەوانەی لە باری نەتەوایەتییەوە شیعریان گوتووە یا غەرامییات یا "إظهار فضل" هۆنراوەکانی تر. ئەڵبەت لە سەردەمێکا زۆرتر هەم بۆ نیشاندان یا ئیزهاری فەزڵ یا هەرچییە بووە، وشە و کەلیماتی عەرەبی زۆریان بەکار بردووە، کە ئەوەش یەکێکی مەلایەتی ئەم بەڵایەی هێناوەتە سەر زمانەکەمان، کە عەرەبزەدە بوون، یەکێکی تریش نیشاندانی زانستی خۆیان بووە، بە ناوی "إظهار فضل" کردوویانە، کە ئەوەش هۆنراوەی باشمان هەیە، هۆنەرانی باشمان هەبووە، هەرکامێکیان ناو ببەین بۆ خۆیان پلە و پایەیەکی بەرزیان هەیە.

– وەک لەم ڕۆژانەدا بیستمان، لە سنە نووسەرێک کتێبێکی نووسیوە، کە بەراوردێکە لە نێوان نیمایۆشیجی فارس و گۆرانی کورددا، لە تازەکردنەوەی شیعردا، گوایە ئەو نووسەرە "گۆران"ی لە ڕووی دەسەڵات و لە ڕووی تازەکردنەوەوە تواناتر و بەدەسەڵاتتر و سەرکەوتووتر زانیوە، لە مەیدانی تازەکردنەوەی شیعردا. جا نازانین ئەو نووسەرە کێیە؟ کوردە یا نە؟ ئەگەر لەو ڕووەوە باسێکمان بۆ بکەن؟

بابان: بەداخەوە نازانم و من نووسەرەکە ناناسم، نووسراوەکەیشیم هێشتا نەدیوە، بەڵام وەها شتێک ڕاستییەکە بەیانی کردووە. تەنیا شتێک هەبێ بەداخەوە ئێمە مەرکەزی قودرەتی تەبلیغی بە دەستمانەوە نییە. بۆ نموونە ئێستا لە جێگایەکی وەکوو تارانا، هەر ساڵ بە ناوی ساڵگەردی کۆچی دوایی نیما، ئاهەنگێک دائەنێن، ڕادیۆ باسی ئەکا، ڕۆژنامەکان باسی ئەکەن. هەر ئەمە بۆ خۆی برێ گەورەی ئەکاتەوە. لەم لاوە ئێمە، نە بنکەی ڕادیۆیەکی سەربەخۆمان هەیە بە دەستمانەوە بێ، یا ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، یا ڕۆژنامە یا گۆڤارەکان، کە ئەوی وا پێویستە لە بارەی مامۆستا گۆرانەوە بوترێ، ئەوەی ئەو نووسەرە گوتوویە، ڕاستی ئەوەیە. زۆر فاسیلە هەیە لە بەینی مامۆستا گۆران و نیمادا. ئوسوولەن قیاسی نیما، لەگەڵ مامۆستا گۆرانا، بە پێی بیروڕای من، قیاسی خاکە لەگەڵ عالەمی پاکا. گۆران زۆر بەرزە، لەوە بەرزترە، لەوە بەدەسەڵاتترە. ئەمن هەم لە بارەی مامۆستا گۆرانەوە، هەم لە بارەی نیماوە، زۆر لێکۆڵیومەتەوە و بۆم ڕوونبووەتەوە، کە بە ڕاستی مامۆستا گۆران زۆر بەرزە. ئەو نووسەرە هەرچییەکی نووسیبێ ڕاستییە.

– ئەمڕۆ زمانی کوردی بە سێ تیپی جیاواز دەنووسرێت، لە کوردستانی ئێران و عیراق بە تیپی فارسی یا عەرەبی، لە کوردستانی تورکیا و سووریا، تیپی لاتینی بەکار دەهێنن و لە سۆڤییێتیش تیپی کریلیک، بێگومان ئەمە گیروگرفتێکی گەورەی بۆ تێکەڵاوبوون و دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، دروست کردووە. کوردێکی کوردستانی تورکیا، ئەدەبێک کە لە کوردستانی ئێران یا عیراق دەنووسرێت، ئەو ناتوانێت بیخوێنێتەوە، کوردێکی کوردستانی ئێران یا عیراق، ئەدەبێک کە لە کوردستانی سووریا یا تورکیا یا سۆڤییێت دەنووسرێت، ئەو ناتوانێت بیخوێنێتەوە، یانی ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، کە کوردی هەموو لایەک و هەموو دیالێکتێ بتوانێت پێی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات و پێی بنووسێت، ئێمە نیمانە. ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن و باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە چییە و ئەو زمانە یەکگرتووە چۆن دروست دەبێت؟

بابان: ئەمە بۆ خۆی موشکیلەیە و چارەسەریشی زۆر موشکیلەیە، چونکە کوردستانی تورکیا بەو چەشنە ڕاهاتوون. ئەڵبەت بە لاتینی نووسین زۆر باشە بۆ تێگەیشتنی تێکڕایی، بەڵام کوردی کوردستانی ئێران و ئێراق بەم زووانە ناتوانێ بە لاتینی ڕابێت و بنووسێت و بخوێنێ. هەروەها کوردستانی شوورەوی یا دانیشگاکان و تەعیینی تەکلیف بۆ نموونە بۆ دانیشگای لێنینگراد یا دانیشگای مۆسکۆ یا ماساچۆسیت یا هارڤارد لە ئامریکا یا ئەو زانستگەکانی تر، ئێمە ناتوانین بیکەین، بەڵام ئێستاکە بۆ کوردستانی ئێران و ئێراق باوەکوو هەر لەم چەشنە نووسینی زمانی سۆرانی، کە بووەتە زمانی ڕەسمیی بۆمان، هێشتا بۆ دانانی دیاردەکانی سەر وشە ئیختیلافمان هەیە. بڕێ کەس بۆ (ڕ)ی گەورە، حەوتەکەی لە سەرۆ دادەنێ و بڕێ لە ژێرۆ. بڕێ بۆ (وو)ی تەنگ یا (و)ی مەعلووم، تیرە لە بانەوە دائەنێ، بڕێ تیرە دانانێ و دوو (و) ئەنووسێ. ئەمانەش بۆ خۆی بۆتە موشکیلەیەک، تەنانەت لە بەینی خۆمانا. ئێستاکە هەر ئەم زمانی سۆرانییە و هەر بەو چەشنە نووسینە وا کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا دایناوە، بە پێی بیروڕای من باشترین چەشنە لە کوردستانی ئێران و ئێراقا پەرە بگرێ و بەڵکو کەم کەم، بتوانێت بڕواتە ناو زانستگەکانەوە، وەکوو سۆربۆن لە پاریس، یا جێگایەکی تر، یا وەکوو ئەوەش بۆ خۆی موشکیلەیەک ئیجاد دەکا، کە ئێمە نەتوانین لەو کتێب و شوێنەوارانە، وا لە تورکییە هەیە کەڵک وەربگرین، یا لە مۆسکۆ و جێگاکانی تر هەیە، کەڵک وەربگرین و هەروەها ئەوانیش بۆ ئێمە. کەوابوو هیوادارم لە داهاتوودا، ئەگەر زانستگەیەک هەبێ تەدریسی زمانی کوردی بێ، بە تێکڕا وەکوو زمانێکی خاریجە، لە حەفتەدا دوو سەعات یا سێ سەعات، تەدریسی زمانی کوردی بە شێوە زمانی لاتینی بکرێ، وەکوو ئەوەی، کە خوێندکارێک کە زانستگەی کوردی ئەخوێنێ، چەشن و چۆنیەتی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بە لاتینی بزانێ، کە لە داهاتوودا کەم کەم ئەو موشکیلەیە مورتەفیع ببێ بۆ بەرەی داهاتوو.

– وەک ئاگادارن، ئەم هەلومەرج و بارەی، کە ئێستا کورد و ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردی تێدا دەژین و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو دنیادا، خەڵکێکی زۆر لەو نووسەرانە و لەو ڕۆشنبیرانە، ڕوویان کردووەتە ئەدەب و نووسین و وەرگێڕان و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب، چ لە کوردستاندا لە ناو شۆڕشدا، یا لە شارەکاندا، یا لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتەکانی ئەورووپای دوور و نزیک. ئەوەندەی ئێوە شتتان بەرچاو کەوتبێت یا بیستبێت یا خوێندبێتتانەوە، چۆن ئەم زرووف و پاشەڕۆژی ئەم جووڵانەوە ڕۆشنبیرییە هەڵدەسەنگێنن؟
بابان: ئەڵبەتە ئەمە جێگای هیوای زۆرێکە، بۆ داهاتوو و یەکێ لە ڕێگا باشەکانە، بۆ ئەوەی، کە کورد و کوردستان بە ئامانجی خۆی بگەیەنێ و سەرەتا هەر ئەبێ لەم ڕێگاوە بێ. وەکوو "ڕێنێسانس"، کە بە شوێن خولی ڕەشی مێژوودا لە ئوروپا پەیدا بوو. لە پێشا ڕێنێسانس ئەدەبی بوو و بە شوێنیا کرا بە سەنعەتی و شتانێکی تر. ئەمەش یەکەم ڕێگایە بۆ سەرکەوت و پێشرەوت، بۆ یەکگرتن و ڕزگاری. هیوادارم هەموو ئەوانەی، کە لەم ڕێگادا تێئەکۆشن، سەرکەوتوو بن و ئەمە ببێتە ڕچە بۆ لاوەکانمان و بۆ ڕۆشنبیرەکانمان و بۆ بەرەی داهاتوومان. ئەگەر وەکوو ئێمەش نەبووین کوڕەکانمان، بەرەکانمان لەم ڕچە، کە ئەوان شکانوویانە پیا بڕۆن و سەرکەوتوو بن و بتوانن بەو ئامانجە، وا ئێمە گرتوومانەتە پێش چاو بۆیان، یا ئاواتەخوازین بۆی، پێ بگەن.

– ئەگەر بێت و تەماشای جموجووڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بکەین، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە جیاواز و لە دەرەوەی کوردستانیش، ئەڵبەتە ئەمڕۆ ئەدەبی دەرەوەیش پەیدا بووە، وەک چۆن عەرەبەکان ئەدەبی

"مەهجەر"یان هەبوو، ئێمەش ئەوە ئێستا تا ڕادەیەک وای لێ هاتووە. ئێوە ئەو جموجووڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە چۆن دەبینن و لە کوردستانی ئێراندا چی کردووە و تا چ ڕادەیەک چووە و هەروەها لە شوێنەکانی تری کوردستاندا و لە دەرەوەیش؟

بابان: هەڵبەت وەکوو پێشان گوتم، بۆ کوردستانی ئێراق زۆر باشتر بووە و هەلومەرج لەبارتر بووە و ئەوان تێکۆشانیان زۆرتر بووە. لە کوردستانی ئێرانیشدا تا ڕادەیەک لەمەوپێش، لە سابڵاخ و جێگاکانی ترا تێکۆشان هەبووە و هەیە. ئەمەش چەن ساڵێکە لە سنە و دەوروبەری سنەش جووڵاونەتەوە. ئەم بزووتنەوەش، کە بۆتە هەمووڵایی ئەگەرەکوو دەس بداتە دەس یەکەوە، هەروەها لە دەرەوە بیستوومانە، کە گەنجەکان و جەوانەکانمان بێ ئەوەی گوێ لەوە بدەن ئەمە کوردی ئێرانە یا کوردی تورکییەیە یا کوردی ئێراقە یا کوردی سووریایە، پێکەوە باش تێئەکۆشن و بە یەکەوە خەریکن. لەم لاکان تریشەوە، هەر لە ناو خۆیانا بەو جۆرە دەس بدەنە دەس یەکەوە و تێبکۆشن، تا ڕادەیەک کوردستانی ئێرانیش، جێگای هیوای پەیدا کردووە و جووڵاونەتەوە و لە داهاتوودا زۆرتر پەرەئەسێنێ و هیوادارم زۆرتر پەرەبسێنێ و دەس بدەنە دەس یەکەوە و بتوانن، ئەو جۆرە وا بشێ خزمەت بکەن.

– لەمەڕ مێژووی تازەی کوردەوە زۆر شت نووسراوە و یەکێک لەوانەی، کە ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە مامۆستا کەمال مەزهەر ئەحمەدە و پێشتریش مامۆستا موحەممەد ئەمین زەکی، بەڵام لە سەر مێژووی کۆنی کورد تا ڕادەیەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کەم کراوە و لە سەردەمی مادەکانەوە تا دەگاتە پێش شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون نییە، لە مەسەلەی مێژووی کورددا، ئایا ئێوە لەو بارەوە شتێکتان کردووە یا خەڵکانێک دەناسن، کە لە سەر مێژووی کۆنی کورد کارێکیان کردبێت؟

بابان: لە ڕاستیدا لە بان مێژووی کۆنەوە، تێکۆشان کەم بووە. هەڵبەت من لە سەرەتای ئەو مێژووی کورد و کوردستانەوە برێ لێکۆڵینەوەم بووە و تۆزێک بەربڵاو بە تێکڕا نووسیومە. باوەکوو ئامانج و مەبەستی من بۆ نووسینی ئەو مێژووە هەر ئەوە بوو، کە بتوانم جۆرێ دایبنێم لە داهاتوودا ئەگەرەکوو زمان و مێژووی کوردی لە زانستگەدا گوترایەوە و بخوێنرێتەوە، بتوانن بیکەینە چوار بەشەوە، بۆ دەورەی خولی چوارساڵەی زانستگە، کە هەر بەشێکی لە ساڵێکی خوێندندا ئوستاد بتوانێ بیڵێتەوە و خوێندکار بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. لەو بارەوە هەر لە 5000ساڵ بەر لە پەیابوونی مەسیحەوە، بەڵام تا ڕادەیەک کورت، نووسیومە، بە بەڵگەوە، شوێنەوارەکانم ناو بردووە و ئەمانەی واتیا. بەڵام باش ناتوانم بڵێم، کە ئەوە هەموو کەس ڕازی ئەکات، وا لە ڕادەی قەناعەتا، نییە لە ڕەزایەتا، بەڵکوو هیوادارم لە داهاتوودا خەڵکی تر بکەونە شوێن لێکۆڵینەوەی زۆرتر و بتوانن باشتر ڕوونی بکەنەوە.

پاشان داوامان لە مامۆستا بابان کرد، کە بە دەنگە بەجۆش و پرسۆزەکەی خۆی، کە سەردەمێکی زۆر گوێی گوێگرانی ڕادیۆی کرماشانی پێ ڕاهاتبوو و ئاشنای بوون، پارچە شیعرێکی خۆیمان بۆ بخوێنێتەوە و ئەویش دڵی نەشکاندین و ئەمەی خوارەوەی بۆ خوێندینەوە.

بابان: ئەمە پارچە هەڵبەستێکە لە ساڵی1360دا بە بۆنەی کاروباری نالەباری سنەوە دامناوە بە ناوی "سکاڵا بۆ ئاوییەر". ئاوییەر، کەژێکە لە لاژووری سنەوە، لە ڕابوردوودا سەیرانگاگەلی باشی هەبوو، کە بە داخەوە زۆرتری سەیرانگاکانی لە ناو چووە و وێران بووە.

ئاوییەر فدای لووتکەی بەرزت بم          فدای لاوەلاو هەزار تەرزت ب

قوربان لاپەڕەی کوچک قورئانت      فدای شارەکەی خواری باخانت
کوا سەفا و سەوزی جاری جارانت      کوا نەسیمی خۆش شوێنی بارانت
کوا پونگەی بەفراو دۆڵ و لاپاڵت      کوا بەفری زۆری ناو بەفرەچاڵت
بۆ بێ ئاو ماون هەموو چاوگەکان      پەکیان کەوتووە پاک ئاسیاوەکان
سەرا و ماماتگە و ئاو کانی شەفا      چی لێ هاتووە دەور کانی سەفا
بۆچی وا لێڵن لێڵاوی چاوم      یاخوا نەمێنێ لەناوا ناوم
بۆچی چۆڵ بووە سەحرای زەفەریە      کوا باخی جوانی نزیک قەمەریە
کوا میوانەکان سەحراکەری ئەو      کوا ورشە وریش چراکانی شەو
کوا سەیرانکەری خزرزندەکەت      کوا دەوڵ و زوڕنا و زرمەزرمەکەت
کانی ئارایش بۆچی وا چۆڵە      خدرلیاس ئەڵێی قەیسی کلۆڵە
بۆچ وا وێران بوو موبارەک ئاوا      بۆچی ڕووخاوە قەسری خەسراوا
کوا چوار باخەکەی دەور و ناوی ئەو      کوا چەمەن خوارووی پڕ لە ئاوی ئەو
ئامانیە بۆچ بوو بە جێگای نەخۆش      ئەمیریە بووە جێگای بایەقوش
بۆچ بان شێلانە وەها بێحاڵە      تاقەدار تەنیا کەوتووەتە ناڵە
سەرتەخت وێرانە بێگوڵ یاخییە      ساقاوا ئەڵێی لە گەل یاخییە
تەکیە و چەمەنت دابەشکراوە      ئەویش لە لایەن خەڵکەو براوە
هەرچەن ئەمەیە کاری باخانت      سەرەنجی بدە شاری دامانت
شاری چی بووە شاری خامۆشان      هەموو خەڵکی شار قەلاخی پۆشان
هەموو ئازیەتبار خزم و کەس و کار      هەموو ناڕازی هەموویان خەمبار
کەسێ نابینی پێکەنێ بەدڵ      ئەڵێی شادی گەل پاک چووەتە کوڵ
سێ ساڵ تەواوە خۆشی نەماوە      هەر کوشت و قەزا و سەرخۆشی باوە
لە جێژنا نییە موبارەک بادی      کەس لە کەس ناکا گەردن ئازادی
ژیان بۆ هەموو تەواویی تاڵە      تەنانەت ڕاوچیش ڕاوی بەتاڵە
ئەوەن زۆر بووە بێکار لە ناو شار      قەت ڕێگا نییە لەبۆ ڕێبوار
نە پێخۆر هەیە نە نان و نە ئاو      نازانم بۆچی خەڵکی کەوتە داو
چی بکەم ناکرێ دەردەکان بێژم      داخی دەروونم هەمووی هەڵرێژم
چوون دەوروبەرم چەن کەسێ جاشە      دەمم ببەستم لە وتن باشە
نەک هەواڵ بدەن بە دەسدارەکان      بڵێن سکالای کردووە بابان
ئەنجا کەر بێرە و ترۆیێ بار کە      خۆت بخە حەچەل و چاری ناچار کە

ئەمەش وەلامی ئاوییەرە، کە وەلامی داوەتەوە:

شوکرولڵای بابان ڕۆڵەی شیرینم      یاخوا تا سەدساڵ مەرگت نەبینم
بیستم سکالات کردووە بۆ ئاویەر      ئاویەر چی بڵێ هەی خاکی بەسەر

ئاویەر ئاویەری جاران نەماوە          هەموو سەیرانگەی بوو بە کەلاوە

لووتکە بەرزەکەم بە هێز خومپارە          وەک جەرگ زوڵەیخا کراوە پارە

لاپەڕەی بەردی کوچک قورئانم          سەد پەڕەی سووتا لاڵ بێ زوانم

سەرا و ماماتگە و ئاو کانی شەفا          ئامانیە و سەرتەخت هەم کانی سەفا

وشکاویان هاتوو داریان بڕیا          بەرگی شەخسەکان خدرزنە دڕیا

نەما سەیرانگەی زەفەریە و سەرتەخت          ئەمیریە وەکوو شاهی نوگون بەخت

دۆڵ ئاسیاوەکان هەر وەکوو بەهەشت          قەسری خەسراوا باخی لە ناودەشت

هەموو کاول بوون پاک بوون وێران          داڵدەیکیش نەما بۆ کانی باران

باسی شارت کرد شارێک ئەبیسی          ئەو لەمن پیستر کەوتۆتە پیسی

ئەزانم حاڵی سنە بەدحاڵە          ئەزانم خەڵکی کەوتوونە ناڵە

منیش وەکوو تۆ زۆر خەفەتبارم          چی بۆ باخەکان یا دەشت و شارم

بەڵام چی بڵێم چیم لەدەس نایە          هەزار جار بووە لەم کا و بایە

......بەنیادەم هیچە          نارەحەت مەبە ئەڕوا ئەمیچە

سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 1987/8/2